ئوم حەبیبە بۆ ماوەی حەوت ساڵ تووشی ئیستیحازە بوو، وسەبارەت بەمە پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد؟ ئەویش فەرمانی پێیکرد کە خۆی بشوات

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئوم حەبیبە بۆ ماوەی حەوت ساڵ تووشی ئیستیحازە* بوو، وسەبارەت بەمە پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد؟ ئەویش فەرمانی پێیکرد کە خۆی بشوات (لە پاش تەواوبوونی سوڕی مانگانەی ئاسایی)، (عائیشە) دەڵێت: بۆیە ئەویش بۆ هەموو نوێژێک خۆی دەشۆرد». *(ئیستیحازە: ئەو خوێنەیە کە تووشی هەندێک ئافرەت دەبێت ولە پاش تەواوبوونی کاتی سووڕی (مانگانەوە -کاتی حەیزەوە- هەر بەردەوام دەردەچێت، واتا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە سووڕی مانگانەوە

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە ئوم حەبیبە کرد بەوەی خۆی بشوات (غوسڵ) بکات کاتێک پرسیاری لێیکرد سەبارەت بەوەی چی بکات کاتێک تووشی ئیستیحازە* دەبێت، واتا خۆی بشوات لە پاش تەواو بوونی ماوەی سووڕی مانگانەی ئاسایی وپاشان بۆ نوێژەکان دەستنوێژ نوێ بکاتەوە، بەڵام ئوم حەبیبە بۆ هەموو نوێژێک خۆی دەشۆرد (غوسڵی دەکرد)، وماوەی حەوت ساڵ تووشی ئیستیحازە بوو، وئەمیش حاڵەتێکە تووشی هەندێک ئافرەت دەبێت، وبنچینە بریتیە لە سووڕی مانگانە (حەیز) کە لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراوی مانگدا ڕوو دەدات وچەند نیشانەیەکی لەگەڵدایە کە ئافرەتان دەیزانن. *(ئیستیحازە: ئەو خوێنەیە کە تووشی هەندێک ئافرەت دەبێت ولە پاش تەواوبوونی کاتی سووڕی مانگانەوە -کاتی حەیزەوە- هەر بەردەوام دەردەچێت، واتا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە سووڕی مانگانەوە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3046